وەزارەتی دارایی راگەیەنراوەکی لەبارەی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە،وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان راگەیەنراوەکی لەبارەی مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بڵاوکردەوە.

وەزارەتی دارایی دەڵێت "بە پێی خشتەی ڕاگەیەنراومان ڕۆژی یەکشەممە 16ی ئادار مووچەی مانگی شوباتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دابەش دەکرێت".

ڕاشیگەیاند "بە ئەو بەڵێزانەی لەو ڕۆژدا بەهۆی بەشداریان لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە ناتوانن مووچەکانیان وەربگرن، ڕۆژانی دواتر دەتوانن سەردانی بانکەکان بکەن و مووچەکانیان وەربگرن.

وەزارەتی دارایی و ئابووری جەختیش دەکاتەوە کە لە ڕۆژانی دوای 16ی ئادار سەرجەم بانکەکانی سەر بە وەزارەت لە خزمەت کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەبن.